www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14-12-2006 8:43

وەزارەتی ڕۆشنبیری و ئیفلیج بونی لە ڕووبەڕووبونەوەی تەحەددیات! ... عەلی سیرینی

پڕۆژەی ناساندنەوەی کەسایەتی (فازڵ ڕەسول) بەنێوەندی کوردی، خولیایەکی مێژینەی ناو سەرم بوو. وێڕای چەندین نووسین لە مانگی تەموز، لەیادی تڕۆر کردنیدا، هێنانە سەرخوانی میراتە فیکریەکەی ئەم هزرڤانە بەشێکە لە پڕۆژەیەکی جیددی ئێمە.

زیاتر لەمانگ و نیوێك پێش ئێستا، پێشنیارێکم خستە بەردەم بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری (فەلەکەددین کاکەیی)، ئەویش وێڕای خۆشحاڵی و ڕەزامەندی داوای کرد بەرنامەی پڕۆژەکە پێشکەش بکەم.

دوای ڕاسپاردنمان لەلایەن بەڕێزیەوە بۆ لای بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری (سیروان بەکر سامی) تا ڕەزامەندی لەسەر دەربڕێ، ئەویش موافەقەی کرد و بەرنامەکەمان کەوتە سەر ڕێ.

پڕۆژەکە بریتی بو لەسازدانی سیمینارێك بۆ هزرڤانی بەرز فازڵ ڕەسول و، بانگهێشت کردنی چەند ڕۆشنبیرو هزرڤانێکی ناودار - کە لە فازڵ نزیك بون - وەك: (وەجیە کەوسەرانی، ڕزوان سەیید لە لوبنان، محەممەد سەلیم ئەلعەوا، نادیە موستەفا، تاریق ئەلبوشری لە میسر، ئەحمەد بن بێللا لە جەزائیر، مونیر شەفیق لە فەلەستین، عادل عەبدولمەهدی لە عێراق، سوَزان ڕەسول لە نەمسا) .

وێڕای چەند ڕۆشنبیرێکی ناودارو نزیك لە کەسایەتی فازڵ ڕەسول لەناو کوردستاندا.

مەبەست لێرەدا ئیش کردن بو لەسەر چەند هێلێك: دۆزینەوەی پەیوەندیەکی باش لەگەڵ ڕۆشنبیرە هەرە بەرزەکانی جیهانی عەرەب، زیندوکردنەوەی گۆڤاری

(منبر الحوار) و، دامەزراندنی سەنتەرێکی دیراسات و لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بەناوی (فازڵ ڕەسول) بە هاوبەشی لە نێوان ئێمە و ئەو ڕۆشنبیرانەی کە ناومان هێنان. دیارە لێرەدا باسکردن لە کەڵك و دووربینی و سودە درێژخایەنەکانی پڕۆژەیەکی ئاوا جێگای نابێتەوە.

کاك سیروان بەکر پێی ڕاگەیاندین، ئەو پێشنیارەمان کە (6 لاپەڕە بوو) دراوەتە وەزیری ڕۆشنبیری بۆ موافەقەکردن لەسەری.

لێرەدا - بە کورتی - ئەم پێشنیارە لە وەزیرەوە بۆلای حاکم شاکر لە حاکمەوە بۆلای عەزیز هەریری و کارمەندانی دیکەی وەزارەت، دیسانەوە بۆلای وەزیر زیاتر لە مانگ و نیوێکی خایاند و پێشنیارەکەمان وون بوو!

لەسەرەتادا، وەزیری ڕۆشنبیری داوای لێ کردم کە پەیوەندی بکەم بە ڕۆشنبیرانی لوبنان کە ئایا ئامادەن بێن بۆ کوردستان؟ منیش بە تەلەفۆن پەیوەندیم کرد لە گەڵ (کەوسەرانی) و (ڕزوان سەیید) کە هەردووکیان ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ هاتن. پێشتریش (وەزیری ڕۆشنبیری) موافەقەی کردبوو، هەر بۆیە داوای کرد ئەم تەلەفۆنە بکەم.

سەرلەنوێ وەزیری ڕۆشنبیری داوای بەرنامەی پڕۆژەکەی لێمان کردەوە و، ئێمەش دیسان نووسیمانەوە و دامانەوە بەوەزارەت.

ئەم دەست و ئەو دەست و پاش زیاتر لە 10 جار چوون بۆ وەزارەت و ئازارێکی دەروونی ئێمە، جەنابی وەزیر نووسی: ئەم پڕۆژەیە ڕابگیرێت!!

لای ئێمە سەیر نیە، ڕەتکردنەوەی پڕۆژەیەکی ئاوا لەلایەن (وەزارەتی ڕۆشنبیری)، چونکە خودی ئەم وەزارەتە کانگایەکی گەورەیە بۆ قەیرانێکی سەرکێش و، نەخۆشیە هەرە کوشندەکان، بەربەستێکی گەورەشە بەرامبەر هەر هەوڵێك بۆ بووژانەوەو ڕێنیسانسی کوردی.

نەك دەجار سەردان، بەڵکو دوو پیاسە بەناو ژوورەکانی وەزارەت دا، زۆر بەڕوونی دیاری دەخات کە چەند قووڵ لە قەیران و تەنگ و چەڵەمەدایە.

لە ناو (وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردی) زۆربەی فەرمانبەران گەر بیانەوێ خۆیان نمایش بکەن، یان سەرنجی ئەوانیدی ڕابکێشن بەزمانە غەیرە کوردیەکان دەدوێن: ژووڕەکان پڕن لە فەرمانبەرانی بێ ئیش کە کاتیان بەقسە و باس و گەمەی کۆمپیوتەرو، جگەرەکێشان بە سەردەبەن! ئەمە لەناو دام و دەزگایەك ڕوو دەدات کە بە (عەقڵی) ڕۆشنبیری کوردی دادەنرێت.
لە لوبنان، تونس، جەزائیر، مەغریب، سوریا، چەندین وڵاتی ئەفریقی، ئاسیایی، ئەوروپی، ئەمریکی بۆ جوانی و بۆ فیز خەڵك هەوڵ دەدات بە زمانی فەرەنسی چەند وشەیەکیش بێت دەریببڕێت.
ئەم ڕەواجەی زمانی فەرەنسی لەبەر ئەوەنیە کە فەرەنسا گۆرانی بێژی زۆری هەیە یان ئەکتەری زۆر. لەبەر ئەوەنیە کە جۆرج مۆستاکی (گۆرانی بێژێکی ناوداری فەرەنسایە) گرنگترە لە (میشێل فۆکۆ) یان (جان پۆل سارتەر) کە دوو هزرڤان و فەیلەسوفی فەرەنسین.
نا، بەڵکو بە پێچەوانەوە فەرەنسا وڵاتی کەڵەکەبووی هزرو، فەلسەفە و، یاسایە (خاوەنی دەوڵەمەندترین تێکستی یاسایە) .
لە ژمارەیەکی بەرچاوی ڕۆژنامەو هەفتە نامەی کوردستان بە بۆنەی 1989/7/13 (ڕۆژی ترۆرکردنی دوو عەقڵی گەورەی کورد) بەچەند وتارو چاوپێکەوتنێك باسی هزرڤانی گەورەو (نە ناسراوی) کوردمان، فازڵ ڕەسول، کردووە. هەوڵمان داوە بە ڕۆشنبیرانی کوردی بناسێنینەوە. ئەم مرۆڤە - بەڕای ئێمە - جگە لە دوو سێ کەسایەتی تری کوردی نەبێ گەورەترین عەقڵی کورە لەسەدەی بیستەم.
لە کوردستان گرنگیدانێکی بێ وێنە هەیە بە گۆرانی بێژان. گۆرانی و هەڵپەڕکێ و سەما کاکڵە و ناوەڕۆکی (عەقڵیەتی کورە لەم سەردەمەدا) کە زۆرچاك لە میدیای کوردی ڕەنگی داوەتەوە.
گۆرانی بێژ چاك ناسراوە، هەمیشە لەسەر تەلەفزیۆنەکانەوە پەخش دەکرێت، چاك بۆی سەرف دەکرێ و، ڕێزی تایبەتی هەیە. تەنانەت گەر بمرێ گرنگیدانێکی بێ وێنە هەیە بە مێژووی ژیانی و، لاشەکەی و، ڕێوڕەسمی ناشتنی.
گۆرانیبێژێکی ئافرەت سالێك لە مەوبەر کۆچی دوایی کرد، هێنانەوەی تەرمەکەی لە ڕێوڕەسمی ناشتنی پاشایەك دەچوو. پارەی زۆر بۆ ڕێوڕەسم و هێنانەوەی تەرمەکەی سەرف کرا.
سیمینارێك بۆ فازڵ ڕەسول وێڕای ئەوەی بڕوپاگەندەیەکی گەورەیە بۆ کورد، کە خەڵکانێکی وەکو ئەحمەد بن بێللا و عادل عەبدول مەهدی و هزرڤانانی عەرەب بێن بۆ کوردستان، لە هەمان کاتدا قازانجێکە بۆ ئەو لایەنەی کە پێی هەڵدەستێ.
ڕەتکردنەوەی بڕۆژەیەکی ئاوا دەریدەخات کە عەقڵی کوردی لە قەیرانێکی ترسناك پەلەقاژە دەکات. (وەزارەتی ڕۆشنبیری) لەناو بێ تاقەتی و، تەمبەڵی لە بیرکردنەوە پاڵی داوەتەوە. لاف و گەزافی بە دیموکراسی بوون و بە مەدەنیەت بوون، دەبێت لەیەکەم هەنگاویدا فێربوونی ئەخلاق و ڕاستگۆیی بێت.
ئەم دەردە کوشندەیەی ناو دام و دەزگای کوردی، جێگای نیگەرانی و دڵ تەزێنی ئێمەو گشت هاوڵاتیانە. بەڵام دەزگایەك کە مەرجەعی باڵای ڕۆشنبیریە، کە نەك تەنها پابەند بوونە، بەڵکو دروستکردنی بەهرەو ئەخلاق و پێشکەوتنە، دەبێ مەحاڵ بێت دروَو، دەست بەدەستی و، (ڕابواردنی) تیا بێت.
بڕۆژەیەکی وەك ئەوەی باسمان کرد، بڕۆژەیەکی هەرە بەرزو فەریدو جددیە لەوەتای ڕاپەرینی 1991 ەوە، تاکو ئێستا کە خرابێتە بەردەم (وەزارەتی ڕۆشنبیری) .
دەست بەدەستی کردن و، ناردنی ئێمە بۆ ئێرە و ئەوێ و، پڕکردنەوەی عەریزە و کاغەز و بەرنامە پێمان، بەیانی وەرەو هەفتەی داهاتوو سەربدەوە، بۆ ماوەی زیاتر لە مانگ و نیوێك واتە چی؟ بزرکردنی بەرنامەی پێشنیار واتە چی؟ داواکردن لە ئێمە بۆ پەیوەندی بە هزرڤانانی لوبنان بۆ زانینی هاتنی ئەوان واتە چی؟ باشە ئێستا بۆ ئەم دوو بەڕێزە (ڕزوان سەیید) و (وەجیە کەوسەڕانی) کە دوو

ڕۆشنبیری هەرە بەرزی لوبنانن وەڵاممان چی بێ؟ ئەی پاش ئەم هەموو بگرەو بەردە، ڕەتکردنەوەی واتە چی؟

لای چەند برادەرێك باسی كاك (فەلەكەددین كاكەیی) مان كردووە، كە مرۆڤێكی بەڕێزو ڕۆشنبیرە. ڕاستیەكەی، وەزارەتێك كە كاری جددی تیا جێ بە جێ ناكرێ و، خولیای پڕۆژەی مەزن نیە و، بێ تاقەتە لە بیركردنەوە. چاكترین خزمەت مامۆستا فەلەكەددین پێی هەڵسێت وازهێنانە لەم وەزارەتە و، كات تەرخان كردنە بۆ نووسینێكی بەپێزی كە بتوانین كەڵكی لێ وەربگرین، كە بەڕێزیان ئێستا بەتەمەندا چوونە و خاوەنی ئەزموونێكی دوور و درێژن.

لە وڵاتە پێشكەوتووەكان یەك كەم و كوڕی یان شكستی دەبێتە هۆی ئیستقالەی وەزیر. لەناو وەزارەتی ڕۆشنبیری كەم و كوڕی و شكستی زۆر هەیە بۆ ئیستقالە كردنی وەزیر.

ڕەتكردنەوەی ئەو پڕۆژەیەی باسمان كرد، یەكێكە لە شكستیە هەرە گەورەكانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و ئیفلیج بوونی لە روبەروبوونەوەی تەحەددیات و بەرەنگار بونەوەی جددیاتەكان.

تێبینی:

ئەم بابەتە لە ژمارە (308) ی پێنجشەممەی 2006/11/30 ڕۆژنامەی ئاسۆ لە ژێر ناونیشانی (گفتو گۆیەك لە گەل ِ وەزارەتی ڕۆشنبیری) بڵاو كراوتەوە تكایە ئاگاداربن.